عێراق و تورکیا ڕێگاکانی بەهێزکردنی ئاسایشی سنوور تاوتوێ دەکەن



عێراق و تورکیا، ڕێگاکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە و یاداشتەکانی لێکتێگەیشتنی واژۆکراو لە نێوان هەردوو وڵاتدا و هەماهەنگیکردنی هەوڵەکان تاوتوێ دەکەن، بە شێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت لە بەهێزکردنی ئاسایشی سنوور.

ئەمڕۆ سێشەممە، وەزارەتی دەرەوە لەڕاگەیندراوەکدا باویکردووە "محەمەد حوسێن بەحرعلوم، بریکاری وەزارەتی دەرەوە بە پێوەندییە دووقۆڵییەکان، لە بارەگای وەزارەت کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ لێژنەی ئەمنیی گرووپی پلاندانانی هاوبەش لەگەڵ تورکیا ئەنجام دا."

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە: "کۆبوونەوەکە بە بەدواداچوونی کارەکانی لێژنەی تەکنیکی و ئەمنی بوو کە پێوەستە بە هەماهەنگیکردنی هەوڵەکانی نێوان هەردوو لایەن لە چوارچێوەی لێژنەی هەمیشەیی هاوبەش بە ئاسایش (عێراق – تورکیا)، کە لە ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات بە ساڵی 2024 لەکۆتوبەتوە، بە بەشداریی نوێنەرانی نووسینگەی سەرکەی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتەکانی ناوخۆ، بەرگری، کێچ و کۆچبەران، دەستەی پیشەسازیی جێنگی، جگە لە ژمارەیەک ئاوێزکار

و بەرپرسی پسپۆڕ لە فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی دەرەوە."

لەو راگەیندراوەکەی ئەوەیش روونکراوەتەوە کە "کۆبوونەوەکە میکانیزمەکانی هاوکاریی هاوبەش و ڕێگاکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە و یاداشتەکانی لێکتێگەیشتنی واژۆکراو لە نێوان هەردوو وڵاتدا، تاوتوێ کرد، لێگە هەماهەنگیکردنی هەوڵەکانی نێوان دامەزراوە عێراقییە پەیوەندیدارەکان بە کاری لێژنەکە، بە شێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت لە بەهێزکردنی ئاسایشی سنوور و پەرەپێدانی هاوکاریی هونەری لێگە لایەنی تورکی، لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامە دووقۆڵییەکان و لێکتێگەیشتنە هاوبەشەکاندا."

بابەتەکە بەحر علوم لە میانی کۆبوونەوەکەدا "جەختی لەسەر پەرەشیی وەزارەتی دەرەوە کردەوە بە کاراکردنی ڕێچکەکانی کاری هاوبەش، بە شێوەیەک کە بەرژەوەندیی نیشتمانیی باڵا بدی بهێنێت، و یارمەتیدەر بێت لە یەکخستنی هەوڵەکانی حکومەت لە چوارچێوەی دیدی دەوڵەتدا کە ئامانجی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی عێراق لێگە وڵاتانی دراوسێیە."